# لوورەی گورگ، یان ئەو کاتەی هۆنراوە کوردییە و من دەگریم

هاڵی مەیسن*
لە ئینگلیزییەوە: ژاوێن شاڵی
(ئەمریکا)



دەنگەکان لەهەمان کاتدا
گەرمان و ئاوارەیین
هەر هێڵێکیش
بیرەوەرییەکی منداڵییە

لێم دەپرسێ بۆ گریام؟
من بیری دایکم دەکەم
ناوی مانگی شەوی چواردەیە
من بیری شەوقەکەی دەکەم

*

لە بیرەوەریدا، دەموچاوی ئێمە ئاوێنە —
چەناگەیەک کە دەلەرێتەوە و چاوانێکی تەڕ

کەلێنەکە لە نێوانمان
لەدایکبووی ئەو بەرجەوەنەیە کە منی تێدا دەدیت

«ئەو مروارییانە بۆ تۆ دەبن
ئەگەر مێرد بکەی
بە پیاوێک»

*

من هێلکە و خورما بە پەنیرەوە لێ دەنێم و
فرمێسک بەسەریدا دەبارێنم

هەرجاریش کە دایکێک و کچێکی جحێڵ دەبینم
قوڕگم دادەخرێت

*

ئەو منداڵێک بوو، حەڵقە ئاوێزی نێوان دوو زمان

عەرەبی لە دەرەوە و کوردی بە تەنیا لە ماڵەوە،
چیت بەسەردادێ ئەو کاتەی کە زمانیشت تاوان
بێت.

*

نازناوی خۆشەویستەکەم شەوقی مانگی چواردەیە
سەرەتاکان پێم وابوو چارەنووسە

شەش ساڵ تێپەڕیەوە و ئێمە هێشتا کاتێک کە
چراکان هەڵن شەو شاد دەکەین..
خۆشەویستییەکەی ئەو ژنە خۆشەویستەم
دەستی لێ دەدرێ

*

من گریام لەبەر ئەوەی من دوولەتم
لوورەی گورگێک لە قورگم پەنگی خواردووە و
ناوکی خورمایەک لەوێ دانیشتووە

هاوڕێیەکم
سەبارەت بە نازناوەکەم پێم دەڵێت
خۆشناو- عەشیرەتێک ناودار بۆ بوێری و
سەرسەختی

دەڵێن
پیاوێک وییستوویەتی بزمارێک بە دیوارێکدا ڕۆ
بکات کە نەڕۆشتووە
ئاخر خۆشناوێک لەولای دیوارەکە ڕاوەستاوە

*

کەوابوو چی ڕوودەدا لە کۆتاییدا
کاتێک هەرکەسێک
بۆ دڵی کەسێکی تر نزا دەکات
بۆ ئەوەی بگۆڕێ؟

*** هاڵی مەیسەن، شاعیرێکی ئەمریکییە، کە چەندان خەڵاتی وەرگرتووە، ئەو لە دایکەوە دەگاتەوە بە کورد. لە شیعرەکانی ئەودا دەردەکەوێ کە شوناس لە هەموو ڕەهەندەکانیدا، بۆی بابەتێکی حەیاتییە، هەر بۆیە شیعری لوورەی گورگ وەک هەوڵێک دەبینرێت بۆ ئاشنا بوونەوە لەگەڵ خودی شاعیر لە گۆشەنیگای دایک و پێوەندییەکەی لەگەڵ شاعیردا و لە بەستێنی ئەو پاشماوە زەینیانە کە لە کورد و کوردبوون بۆی ماوەتەوە. دایک، شاعیر و کورد بوون بۆ ئەم شاعیرە هەرکامیان هەڵگری واتایەکن کە لە بازنەی شوناسدان، هەم شوناسی تاکەکەسی و هەم شوناسی کۆمەڵایەتی.**

**سەرچاوە:**
https://wordcitylit.ca/2021/12/15/2-poems-by-holly-mason/